گەرمیان بەرێوبەرایەتی دابەشکردنی سوتەمەنی نیە

ڕۆژانە تەنها یەک تەنکەر بەنزین بۆ کەلار دێت

لەو بینایەدا کورسی دانیشتن نەبوو بۆ ئەوەی لە سەری دانشیت

زەنگ-نووسینگەی کەلار:

جێگری نووسینگەی سوتەمەنی لە کەلار دەڵێت:" تا ئێستا لە گەرمیاندا ئامێرێک نیە بتوانێت ئەو سوتەمەنیانەی دەگاتە ئێرە پێش ئەوەی بەکاربهێنرێت تاقی بکرێتەوە، هەموو ڕۆژێکیش تەنها تانکەرێکی بەنزین دەگاتە کەلار".

فاتیح عەلی محەمەد جێگری نووسینگەی سوتەمەنی لە کەلار ئاماژە بەوە دەکات کەلار تاوەکو ئێستا وەکو فەرمانگە سەر بە پڕۆژە تایبەتیەکانی سلێمانیە و ئەو نوسینگەیەی کەلاریش سەرپەرشتی هەردوو ناحیەی ڕزگاری و پێباز دەکات، ئەمە جگە لەو چەند ناحیانەی تریش کە سەر بە کەلارن لە گەڵ چەند ئاوایەکی دەوروبەریشی.

سەبارەت بەو سەرچاوەیەی کەلار سوتەمەنی لێ وەردەگرێت بە پێی وتەی نووسینگەی دابەشکردنی سوتەمەنی لە کەلار لە کەرکوک و بێجی سوتەمەنی وەردەگرن، فاتیح عەلی ئەوەیشی وت:" کەلار ٨ % داهاتی سوتەمەنی لە سلێمانی وەردەگرێت ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بێتو بەشی سلێمانی کەم بکات لە لایەن ئەو چەند پارێزگایەی خوارووە، کەلاریش هەمان شێوە کەم دەکات".

بوونی گاز لە کەلار کێشەی نیە و تەنها لە ماوەی ئەم مانگەدا سی و حەوت تەنکەر گاز گەیشتووەتە ناوچەکە و توانراوە بە پێی پێویست سودی لێ وەربگیرێت. بە پێی وتەی نوسینگەی سوتەمەنی لە کەلار توانراوە ڕێژەیەکی باش لە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگروکان بە کاری بهێنن ئەمە جگە لەو مۆلیدانەی کە لە ناوچەکە هەن و ناعورەکانی ئاواییەکانی دەوروبەری کەلاریش بە هەمان شێوە بەشی ئەوانیش زیادی کردووە، بەڵام نەبوونی بەنزین و کەم کردنەوەی بەشی کەلار لە بەنزین بووەتە هۆی دروست بوونی ئاڵۆزیەک لای شۆفێرانی شاری کەلار، فاتیح عەلی دەڵێت:"ئێستا کێشەی نەبوونی بەنزین هەیە و جاران هەموو ڕۆژێک دوو تەنکەر بەنزین دەگەیشتە کەلار ، بەڵام ئێستا ڕۆژانە یەک تەنکەر بەنزین دێت، بووەتە هۆی دروست بوونی ئەو ئەزمەیە".

ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو لای نووسینگەی سوتەمەنی کەلار ئەو بەنزینەی دێت بۆ گەرمیان جۆرەکەی باش نیە و بە کەڵکی بە کارهێنان نایەت. جێگری بەرێوبەری نووسینگەی کەلار وتی:"چەندین جار بەنزینمان لە کەلارەوە بردووە بۆ دەزگای پڕۆژە تایبەتیەکان لە سلێمانی وتوویانە بە کەڵک نایەت بۆیە ئەوان پێیان وتووین تەنکەرێکی باش و یەکێکی خراپ تێکەڵکەن"، بەڵام نەوت و غاز لە کەلار بە پێی وتەی ئەوان کێشەی نیە و هاوولا تیان هیچ قسەیەکیان لە سەر نیە.

گەرمیان تاوەکو ئێستا بەرێوبەرایەتی دابەشکردنی سوتەمەنی نیە و کەسیش خۆی بە خاوەنی نازانێت. فاتیح عەلی وتی:"تا ئێستا چەندین جار داوای ئەوەمان کردووە بەرێوەبەرایەتیەک هەبێت لە گەرمیاندا ناوی دابەشکردنی سوتەمەنی بێت، کەچی وەڵام نەدراوینەتەوە، بەڵام ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە بکرێتەوە بەڵام بە فە رمی هیچ لە ئارادا نیە".

ئەوەی جێگەی سەرسورمانی ڕاپۆرتەکەی (زەنگ) بوو ئەوەیە کاتێ سەردانی نووسینگەی دابەشکردنی سوتەمەنی دەکەیت لە لە بینایەکدان ڕەنگە جێی باوەری هیچ کەسێک نەبێت بە پێی وتەی زۆربەی فەرمانبەرەکانی نووسینگەکە ڕۆژانە بە شێوەیەکی زۆر خراپ کات بە سەر دەبەن و هەموو تاوانەکەیشی ئەگێرنەوە بۆ کەم تەرخەمی حکومەت لە دابینکردنی پێداویستیەکانی کەرەستەی بیناکە. بۆیە زۆربەی فەرمانبەرەکان کاتی سەردانەکەی زەنگ بە هەلیان زانی بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگەیەوە دەنگی خۆیان بگەیەننە کاربەدەستانی گەرمیان و ئەوانیش هەر وەک فەرمانبەرانی ئاورێکیان لێ بدرێتەوە. هەموو فەرمانبەرانی بیناکە پێکەوە وتیان:"نازانین تا کەی حکومەت ئاورمان لێ ناداتەوە، ئاخر خۆ ئێمەیش ئینسانین تاوەکو ئێستا تەنها یەک موبەریدەمان هەیە ئەویش لە سەر حسابی خۆمان کریومانە هیچ بینایەک بە قەدەر ئەم بینای ئێمە پەرتەوازە و ژڵژاو نیە هیچ ئامێرێکی پێویستی تێدا و مانگانە ٥٥٠ هەزار دینار دەدرێتە کرێی بیناکە و ئەوەیش حاڵەکەیەتی لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژانە سەرقاڵین بە ئیش و کاری خۆمان و بە بیست فەرمانبەرەوە شارێکی وەکو کەلار بە هەموو ناحیە و ئاواییەکانیشیەوە بە ڕێوە دەبەین".

لەو بینایەدا کورسی دانیشتن نەبوو بۆ ئەوەی لە سەری دانشیت و زۆربەی فەرمانبەرەکانیان بە پێوە وەستا بوون و هەندێکیشیان لە سەر کورسیەکی وشک دانشتبوون ! ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە سیماو ئەو کەرەستانەی ناو بیناکە بە هەموو شێوازەکانییەوە لە نووسینگە نەدەچوو!! جێگری بەرێوبەری دابەشکردنی سوتەمەنی لە کەلار ئەوەی وت:"سکاڵامان بەرز کردووەتەوە وەڵام نەدراوینەتەوە و تەنها ئەوەیان پێ ووتوین ئەتوانن بینایەکی تر بگرن بە مەرجێک ئەو بڕە پارەیەی دیاری کراوە بۆ بیناکە لەوە زیاتر نەبێت تەنانەت ئۆتۆمبێلیشمان نیە هەموو جارێک بە سەیارەی خۆمان سەردانی هەموو شوێنێک دەکەین لە کاتێکدا چەندین سەیارەی بێ ئیش لە گەرمیان دەسورێتەوە".

نەبوونی ئامێرێکی باش بۆ ئەوەی بتوانێت پێش ئەوەی ئەو سوتەمەنیانەی بەکاربهێنرێت لە گەرمیاندا تاقی بکرێتەوە، کێشەیەکی تری دروست کردوە. فاتیح عەلی جێگری بەرێوبەری دابەشکردنی سوتەمەنی ئەوەی بۆ ئاشکرا کردین تا ئێستا لە گەرمیاندا جیهازێکی لەو جۆرە لە گەرمیاندا نیە پێش ئەوەی خەڵکی بەکاری بێنێت تاقی بکرێتەوە بۆیە ڕاستەوخۆ هەرچی جۆرە سوتەمەنیەک بگاتە لای ئەوان دەیگەیەننە دەستی هاوولاتیان، "ئیتر باش بێت یان خراپ !".

وەڵامێک بۆ سەرۆک هێڵی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانی مەرزی پەرۆیژخان

وتەیەک لەسەر ئەو بوختانەی کە سەرۆکی هێڵی مەرزی پەرۆیژخان لە ڕۆژنامەی (زەنگ) ژمارە (١٢٤) لە٤-٥-٢٠٠٩بڵاوکراوەتەوە کە ئەڵێ ئەو گەراجە ئەهلیەی دروست کراوە نایاساییە و پارە وەگرتنیان شەرعی نیە.

لەبەر پێویستی مەرزەکە و ئاسایشی ناوچەکە ئۆتۆمبیلە بار هەڵگرەکان لەو مەرزە هەریەکی لەشوێنێ ڕادەوستێ بە بەرەڵایی لەبەر ئەوەی جێگایەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

داواکاریەک پێشکەش بەرێوبەرایەتی گومرگی گەرمیان کراوە بەنوسراوی ژمارە (١١-١-٣٣٤٦) لە٢٣-١١-٢٠٠٨ دامەزراوە ئیدارەی گەرمیان و نوسراوی ژمارە (٣٩٢٤) لە ٢٥-٢-٢٠٠٩ و ڕەزامەندنی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری وەرگیرا بۆ دروستکردنی گەراجەکە.

بەنوسراوی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابوری ژمارە (٤٧٠٣) بەمەبەستی پەیوەستنامەیەک کە لەلایەن بەرێوبەرایەتی گومرگی گەرمیان واژووی بۆ کراوە و لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ڕاستاندنی بۆ کراوە بەمەبەستی بەکارهێنانی.

ڕەزامەندنی لایەنە پەیوەندی دارەکان وەرگیراوە بۆ وەرگرتنی(١٠٠٠) هەزار دیناری عیراقی بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک بەرانبەر بەپاراستنی تاوەکو خاوەن ئۆتۆمبیلەکە دڵنیا بێ.

پێش ئەم داواکاریە بۆ دروستکردنی گەراج هیچ داواکاریەکەم نەبوە و دروست کردنی گەراج تاکو داواکاریم ڕەت بکرێتەوە.

نازانم ئەم هەموو نوسراوە و زامەندیانە بەچ جۆرێک نایاسایە وەکو سەرۆکی هێڵی ئۆتۆمبیلەکانی مەرزی پەرۆیژخان لە ڕۆژنامەی (زەنگ) باسی لێوە دەکات.

وە نازانم ئەم ژمارە خەیاڵیەی لەکوێ هێنا (١٥٠٠٠٠٠) دینار عێراقی لە ڕۆژێکدا وەردەگیرێت.

لەکاتێکدا گەر لەمەرزەکەیش (١٥٠٠) ئۆتۆمبیل هەبێت وەکو خۆی دەڵێت هەموو ڕۆژیک ئەو ژمارە لەمەزرەکە نیە و هەموو ڕۆژێک باریان دەست ناکەوێت، جا واتە لە نیوەی ئەو ژمارە کەمتر لەمەرزەکە ئەبن.

داوام ئەوەیە لەسەرۆکی هێڵی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان لەمەرزی پەرۆیژخان:

١-ئیسپاتی ئەوانەی بڵاوی کردوەتەوە بەبەڵگە بکات.

٢-یان داوای لێبوردن بکات.

٣-ئەگەر نا، دەعوای لەسەر ئەکەم لەدادگا بۆ گەرانەوەی مافی خۆم.

عەبدوڵڵا پەرۆیژخان
خاوەنی موڵکی ئەو گەراجە

١٦٤ جەوازی سەفەر لە گەرمیان دراوەتە هاووڵاتیان

زەنگ-نووسینگەی کەلار:

نووسینگەی پاسەپۆرتی گەرمیان دەڵێت:"لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ١٦٤ جەوازی سەفەر دراوەتە هاوڵاتیانی گەرمیان بۆ سەفەری وڵاتانی دەرەوە".

سالار مەحمود بەرپرسی بەشی جەواز لە نووسینگەی پاسپۆرتی گەرمیان ڕایگەیاند جۆری ئەو جەوازەی ئەوان لە گەرمیان دەیدەنە هاووڵاتیان جۆری (G)یەو ئەو جەوازانەیش بەو کەسانە دەدرێت کە دەعوەتنامە یان ڕاپۆرتی پزیشکی یان ئیفادی حکومی یان حاجی یان عەمرە یان بازرگان بن.

وتیشی:"حاڵەتی تەزویر زۆر کەمە یاخود هەر نیە لای ئێمە، ئەو کەسانەیشی کە لای ئێمە مەعامەلە تەواو دەکەن ڕاستەوخۆ دوای مانگێک ناوەکانیان لە سلێمانیەوە دێتەوە".

پارەی ئەمێری مۆلیدە ئەهلیەکان بوو بە ٧٠٠٠ دینار

زەنگ-نووسینگەی کەلار:

لیژنەی چاودێریکردنی مۆلیدە ئەهلیەکان بە هۆی زیادکردنی کارەبای نیشتیمانیەوە بریاری ئەوەیان داوە پارەی ئەمپێرێکی مۆلیدە ئەهلییەکان لە نۆ هەزارەوە بکرێتە حەوت هەزار دینار".

هیوا حەمە ئەمین ئەندام لە لیژنەی چاودێریکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان لە قایمقامیەتی قەزای کەلار ڕایگەیاند لە مانگی شەشەوە یەک ئەمپێری مۆلیدە ئەهلییەکان پارەکەی دەبێتە حەوت هەزار دینار، هۆکارەکەیشی گەراندەوە بۆ زیاد بوونی کارەبای نیشتیمانی.

ناوبراو وتیشی:"هەر مانگێک ئەگەر لە سەرەتای مانگی شەشدا نۆ هەزاری دابێت ئەوا پێویستە سەرەتای مانگی حەوت تەنها پێنج هەزار دیناری عێراقی بدات وەک تەعویز کردنەوەیەک بۆ مانگی شەش".

بۆ/ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان

بەڕێزان

بە پێی بانگەشەکانتان بۆ یەکسانی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئێمە تۆیژێکی کەمین بە ژمارە و گەورە بە کاریگەری ناو کۆمەڵگە، لە سێبەری ئەو بانگەشانەدا غەدرو ستەممان لێکراوە لە پێش وەرگرتنی پۆستەکەتان، بۆیە داواکەمان لەسەر لاپەرەی ئەم ڕۆژنامەیەدا پێشکەشتان ئەکەین کە بانگەشەکەتان دەمانگرێتەوە و پەرەنسیپی لیستەکەتان هاندەرمانە بۆ ئەم داواکاریەمان.تکایە وەڵاممان بدەنەوە،ئەمەش دەقی کێشەکەمانە:

ئێمەی خانەنشینکراوانی وەجبەی یەکەم لە بەرواری ٣٠-٩-٢٠٠٦ لە کارەکانمان جیایان کردینەوە،وێرای ئەوەی تاکو نیوەی مانگی (١٠) هەر لەکاردا بووین بەڵام وتیان فەرمانی وەزیری داراییە و ئەبێ جێبەجێ بکرێت!

لە ڕاستیدا بە مافی خۆمانی دەزانین ستەملێکردنەکانمان بە لێپرسراوەکانمان بگەیەنین و لەو باوەڕەداین بە دەنگمانەوە بێین کە بەرپرسن لە هەر ستەمێک لە هەرتاکێک لەم وڵاتەماندا بکرێت وەک: (ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، هەر یەک دوو ساڵ جارێک بە یاسایەک تۆیژێک ئەوەی پێشووتری دەشکێنێت بە بێ گوێدان بە هەژماردنی وەکو بوونەوەرێک مافی هەبێت) ئەگینا کەی بووە دوو کەس لە هەمان پیشە و ڕاژە و پلە و بروانامەدابن و خانەنشین بکرێن ئەوەی ساڵی دواین نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) دینارێک جیاوازی لە موچەکەیدا هەبێت لە گەڵ پێشووترەکەیدا؟!.. بە کورتی ئێمەی خانەنشینکراوانی ٣٠-٩-٢٠٠٦ (٥٧٠٠٠٠) دینارمان بۆ دەرچوە و هاوشێوەکانمانیش کە لە ٣٠-٩-٢٠٠٧ خانەنشینکراون (٧٤٠٠٠٠) دیناریان بۆ دەرچوە، بۆیە بە نا عەدالەتی دەزانین دوور لە هەر پاساوێک،لەو باوەڕەشدا نین حکومەتەکەمان و نوێنەرانمان بەوە قایل بن،چونکە تاکە چەترمان ئەم حکومەت و پەرلەمانەیە و ئیمەش ناچارین سکاڵاکانمان بۆ لایان بەرین، لە ڕاستیدا هەست بە مەغدووری خۆمان دەکەین،ئەگینا ئێمەش خۆشبەختانە لە سێبەری چەترەکەماندا ژیاوین، بەڵام بە شێوەیەک پەروەردە کراوین لە ئاستی نارێکی و نادادپەروەری بێدەنگ نەبین ئەویش لە ڕێگا شرعیەکەی خۆمانەوە کە ئێوەی حکومەت وپەلەمانن، لەو باوەڕەدانین بەڕێزتانیش ڕازی بن هەر دوو سێ ساڵێ جارێک مافی کۆمەڵێک پێشێل بکرێت! بۆیە داواکارین لەم ڕووەوە ئەو غوبنەمان لە سەر هەڵبگرن..لەگەڵ ڕێزدا.

عەلی حسێن ساڵح
نوێنەری خانەنشینانی ٢٠٠٦ ی گەرمیان
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٧٠١٤٦١٤٥٠
٢٤-٦-٢٠٠٩

ئەوشێخەی کە کار بۆچارەسەرکردنی نەخۆش دەکات شمشێرەکەی و ئاڵتونی خێزانی دەدزێ

زەنگ-بڕیار محەمەد

لەکەلار دز دەچێتە سەر ماڵی پیاوێکی ئایینی و کۆمەڵێک شتومەک دەدزێ، کە شمشێری پیاوە ئایینییەکە و ئاڵتونی هاوسەرەکەی تیادا بوە.

شێخ محەمەد شێخ مستەفا قەمچی ڕەش کەسااڵنێک لەناوچەی ئەبودشیری بەغدا بووە و پاش کوشتنی خێزان و منداڵەکانی هاتۆتە کەلار، ئێستا کار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بۆ ئەو کارەشی وەک خۆی دەڵێت:"تەنیا پشت بەقورئان و جنۆکەکانی دەبەستێ کەسەرجەمیان موسوڵمانن".

شێخ وتی:"لەشەوانی ڕابردودا کەلەگەڵ خێزانم چەند شەوێک لەخانەقین بووین دز هاتۆتەسەرمان و شمشێرەکەی منیان دزیوە و هەروەها هەندێک ئاڵتوونی خێزانەکەشمیان دزیوە".

لەیلا خێزانی شێخیش وتی:"تەنانەت جوتێ گوارەی ئاڵتونی منداڵێکی چەند مانگەشیان بردووین کەناوی (فاتمە)یە"

شێخ پێی وابوو دزەکە کەسێکی دوور نییە لەخۆیانەوە وتیشی:"من بۆخۆم کاری خەڵک ئاشکرا دەکەم ئەمەش بەسانایی دەدۆزمەوە".

لەکۆبونەوەی قایقامی کەلار و لیستە بەشداربوەکاندا

جێگە قەدەغەکراوەکان بۆ هەڵواسینی پۆستەر بڕیاری لەسەردرا

زەنگ-نووسینگەی کەلار

قایمقامی کەلار لەگەڵ لیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سنوری شارەکەدا کۆبوەوە و ئەو جێگایانەی ڕاگەیاند کە پۆستەری پڕوپاگەندەکانی تیادا هەڵدەواسرێت و ڕۆژنامەنووسانیش بەبی باجی کۆمسیۆن ناتوانن ڕومالّی هەلبژاردن بکەن.

کامەران تەیب ئەندامی محەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستان وتی:"لەو کۆبونەوەدا بڕیاردرا لیژنەی ئەمنی دروست بکرێ کە لەپۆلیس و ئاسایش و شارەوانی و پۆلیسی چالاکیەمەدنیەکان و پۆلیسی دارستان پێک دێت،

ئەو شوێنانەی کەقەدەغەکراوە نابێت بۆپڕوپاگەندە بەکاربهێنرێت بریتین لە قوتابخانەکان و مزگەوتەکان و جێگای کاکەییەکان و باخچەکان".

ئەو ئەندامەی محەلی گەرمیانی حزبی شیوعی ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لە کۆبونەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە هەر ڕۆژنامەنووسێک باجی تایبەتی کۆمسیۆنی نەبێت، بۆی نییە بچێتە ناو هیچ ناوەندێکی دەنگدانەوە.